ژن لە بینەرەوە تا بێژەر

چاوخشانێک بە پێگەی ژن لە میدیای کوردیدا

پەڕاو کرماشان

پرسی ژن یەکێک لەو پرسانەیە کە هەردەم شوێنی موناقشە و باس بووە لە ناو رووناکبیران و بە گشتی ئەوانەی کە خولیای پێشکەوتنی کۆمەڵگەی خۆیان لەسەردایە. ژنان هەموکات لە تۆێ و پیشە جیاوازەکانی کۆمەڵگەکاندا هەوڵیانداوە وەک پیاوان ڕۆڵیان هەبێ و بەشداریی بکەن و ئەرکی خۆیان بەجوانی و تێکەڵ بەهەستێکی ژنانەوە ڕاپەڕێنن، بەڵام لە هەموو قۆناخەکاندا کێشەی جۆراوجۆر ڕووبەڕوویان بۆتەوە و لەو لاشەوە تووشی کێشەیان کردوون، ئەم باسە لە کۆمەڵگەی کوردەواریی ئێمەشدا هەمان کێشە و بگرە توندتر و دژوارتریشی بەخۆیەوە بینیوە و دەبینێت.

بە هاتنی چەمکی دیموکراسی و تایبەت بەرابەریی نێوان دوو ڕەگەزی نێر و مێ لە دنیای هاوچەرخدا، کۆمەڵگەی کورد‌ییش هەوڵیداوە ئەو چەمکە لە ناو خۆیدا جێگیر و دامەزراوەیی بکات و لە پێشکەتنەکانی دنیای مۆدێرن جێ نەمێنێت، واتە کۆمەڵگەی ئێمە کە هێشتاش دەمارەکانی یاسای پیاوسالاریی تێیدا زیندوو و قایمە بەتەمای چێکردنی وەرچەرخانێکی مێژوویە.

لەڕاستییدا ئەم وەرچەرخانە ئەبێت نە هەناردەییە و نە هاوردەیی بێ، بەڵکوو ئەبێ خۆجێ بێ، واتە پێویستی بە پەروەردەکردنی کۆمەڵگە و تایبەت جیلی نوێ هەیە، کەوابوو ئەم پەروەردە ئەبێ هەم لە باخچەی ساوایان وخوێندنگە و دامودەزگاکانی کۆمەڵگەوە دەست پێ بکات، هەمیش میدیا بەگشتی و تایبەت تی ڤییەکان لەم وەرچەرخانەدا ئەکتیف بن و پلانی درێژماوەیان بۆی هەبێت. ئایا لە کۆمەڵگەی پیاوسالاری ئێمەدا ئەم پەروەردە بەپلان بووە یاخود کراوە؟ وەک کەرتی میدیا و ڕۆڵی ژنان لەواندا، ئەگەر بمانەهەوێ باس بکەین و لێی وردتر بڕوانین، ئەوا ئەکرێ بڵێین:

لەم بەشەدا دوو باسمان هەیە:

یەک: بەشداریی ژن لە کاری میدیایی.

دوو: گرنگیدانی میدیا بە پرسی ژن لە کۆمەڵگەی کوردییدا.

لە بەشی یەکەمدا تەنیا بەشداریی ژنان نایەتە بەرباسەوە بەڵکو لێردا لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەدردێتەوە لە ژێر ناوی: بەشداریی پێکردنی ژنان لە کاری میدیاییدا.

> **لە بەر بەهێزبوونی ڕوانگەی پیاوسالارانە لە میدیای کوردیدا ژنان لێرەش وەک ئامرازێک بەکار دێن تا ئەوەی مافی خۆی بدرێتێ**

ژنانی بەتوانا نەیانتوانیوە یا با بڵێین ڕێگەیان ڵێ گیراوە کە بتوانن ئەندامێکی ئەکتیف بن لە ئەم ساحەیەدا و ڕێژەیەکی کەم ئەم هاوکێشەیە بگۆڕن و خۆیان لەم بازنەیەدا ببینەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا لەبەر هەبوونی یاسای پیاوسالارانەدا ناتوانن خاوەن قسە و لەسەروی ئەوەشەوە خاوەن بڕیار بن.

هەر بۆیە ڕێژەی زۆری ژنانێک کە لە میدیاکاندا بوونیان هەیە حوزورێکی فۆرمالێتە دێتە هەژمار تا ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینە و ئازادانە کە لە ژێر کاریگەریی بیرزاڵی پیاوسالاردا نەبێت.

لە لاپەڕەی نوێدا کە هەڵماندایەرە وتمان بەشداریی پێکردنی ژنان دێتە ئاراوە:

بۆ ئەوەی لە هەندێ میدیادا وا پیشان بدرێت کە ژنانیش ڕاگەیاندکار و خاوەن بڕیارن، ڕێگەیان داوە تا هەندێ لە ژنانی ڕاگەیاندکار دەرکەون و پێ بنێنەناو ساحەکە بەڵام بەداخەوە بە لاساییکردنەوە لە یاساکانی جیهانی خۆراوا، واتە بەشداریی پێکردنی ژنان لەسەر ئاستی جوانی و سەرنجڕاکێشی و ... هتد، لە واقیعدا کەسانی مێشکی ئەو میدیایانە ژنان وەک بێژەری دەنگوباسەکان و ... بەکار دێنن تا بینەری زیاتر بۆ پرۆگرامێکی تایبەت یا کەناڵەکەیان کۆ بکەنەوە و لە کێشە و کەموکوڕییەکانی ڕەگەزی نێر بەرامبەر ڕەگەزی مێ لەئ جۆرە کۆمەڵگەیانەدا کەڵک وەردەگرن و بۆیە ئامانجی ئەوان پێڕەوکردنی چەمکی بەرابەریی ڕەگەزیی و دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان ئەم دوو ڕەگەزە نییە. بە وتەیەکی تر ئەوان ژن ئامرازێکی ڕیکلام بەکار دێنن بۆ ئامانجی دیکەی جیاوازتری خۆیان کە لەوانەیە سیاسی یا ئابووری و ... بێت. کەوابوو لە بەر بەهێزبوونی ڕوانگەی پیاوسالارانە لە میدیای کوردیدا ژنان لێرەش وەک ئامرازێک بەکار دێن تا ئەوەی مافی خۆی بدرێتێ.

> **کەسانی مێشکی ئەو میدیایانە ژنان وەک بێژەری دەنگوباسەکان و ... بەکار دێنن تا بینەری زیاتر بۆ پرۆگرامێکی تایبەت یا کەناڵەکەیان کۆ بکەنەوە**

لە هەموو کۆمەڵگەکاندا بە پێشکەوتوو و ئەوانەی کە لە حاڵی گەشەسەندن و پێشکەوتندان، میدیا گرنگترین ڕۆڵ ئەگێڕێت لە هێنانەبەرباس و بەرفراوانکردن و لە کۆتاییدا جێگیرکردنی چەمکەکان. میدیا ئەگەر بمەوێ، کاریگەرترین دەوری لە گەشەپێدانی کۆمەڵگە لە ڕووی قبوڵکردنی ژن لە ئاست پیاوان و ڕێز بۆ مافی ژنان ئەبێت و هاوکات گەلەک کاریگەر ئەبێت هەم لە لاوازکردن یا بنبڕکردنی کولتووری سەقەتی پیاوسالارانە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا و هەمیش لە بەهێزکردن یا سەپاندنی چەمکی بەرابەریدا.

بەدەر لەم باسە. میدیا ئەرکێکی دیکەشی هەیە، ئەویش کۆمەڵگەش بدات، واتە هەواڵ و دەنگوباس و پرۆگرام و کاتی دیار بۆ کێشەکانی ژنان، بۆنەکان، بارودۆخی ژن لە کۆمەڵگە و سەرکەوتنەکان و پێشکەوتنەکانیان و ... تاد تایبەت چێ بکات و لە ڕووی زانستییەوە پرسەکە بۆ بیرۆڕای گشتی شی بکاتەوە و یەکێک لە ستراتژییەکانی ئەم دەزگایانە بێ تا ئەوەی کە بەرنامەیەکی ڕووتین بێ کە کاتی کەناڵەکانی پێ پڕ بکەنەوە. ئەمەش بەو شێوازە کردەیی بکرێت کە ژنان بۆ خۆیان داڕێژەر و جێبەجێکاری ئەو ستراتژییە بن کە چاکتر و قوواڵتر لە پرسی خۆیان شارەزاییان هەیە.

لە ڕاستیدا چونکە کاربەدەستانی میدیای کوردی و پیاوانی ڕاگەیاندنکار بە ڕێژەیەکی بەرچاو، بیروبڕوا و زەنییەتێکی پیاوسالارانەیان هەیە، ڕەنگدانەوەشی لە ژیانی تایبەتییان کە هیچ، لە کار و باریشیان داوەتەوە و هەمان ڕوانگەیان گواستۆتەوە بۆ بارودۆخ و کاناڵێکی بەرفراوانتر و کارتێکەرتر لە کۆمەڵگەدا بە ناوی میدیا. هەر ئەمەش وای کردووە ڕاگەیاندی کوردیی شوێن پێی دیارر نەبێ لە کەمکردنەوەی نابەرابەریی ڕەگەزیی لە کۆمەڵگەدا.

هەروەک چۆن خانم ڕەحیم چالاکی بواری ژنان بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە بە کێشەکانی ژنان لە کۆمەڵگە کوردیدا دەکات و دەڵێت: لە میدیای کوردیدا بە پێی پێویست گرنگی بە چالاکی و پرۆژەکانی ژنان نادرێت و بە کەم سەیر دەکرێن، "لە میدیای کوردیدا بەردەوام دەرگاکان بە ڕووی ژنان و بەشداربوونیان بەپێی توانا و لێزانیان، ئەبێ گرنگی بە پرسی ژن لە ئەوەیە جیاواز لە کردنەوەی دەرگاکان بە ڕووی ژنان و بەشداربوونیان بەپێی توانا و لێزانیان، ئەبێ گرنگی بە پرسی ژن لە پیاواندا کراوەتر بە بەراورد دەگەڵ ژنان، هاوکات ڕەخساندنی بواریکی کەم بۆ ژنانی ڕۆژنامەنوس و میدیاکار بۆ بەشداریکردن لە چالاکی و دیدارە سیاسیەکان.

ئەگەر بمانەوێ بەکورتی تابلۆیەک لەم پرسە بنەخشێنین ئەبێ بڵێین: میدیای کوردیی نەیتوانیوە کاریگەریی لەسەر دابونەریتی کۆمەڵگە دابنێت کە نابەرابەریی ڕەگەزیی نێوان پیاو و ژن نەمێنێت و لە ڕاستیدا میدیا چوەتە ژێر کاریگەریی بیروڕای گشتیی و کۆمەڵگەوە هەتا ئەوەی کە کاریگەریی لەسەر دانێت.